# یۆهان گۆتفرید هێردێر
# چەمکی نەتەوەی فەرهەنگی

لە ئینگلیزییەوە: سەعید ریزوەندی

هێردێر لە ساڵی 1744 لە شوێنێکی دوورەدەستی پرووسی رۆژهەڵاتدا، کە باوکی لەوێ وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندێک کاریدەکرد لەدایکبوو. ئامانجی ئەوەبوو ببێتە قەشەیەکی لوتێری (لایەنگری مارتین لووتێر). لە زانکۆی کۆنینگزبێرگ خوێندنی خۆی تەواو کرد و یەکێک لە مامۆستاکانی ئیمانوئێل کانت بوو کە بوارێکی فراوانی لە هزر و ئەندێشەی ئەورووپی بە هێردێر ناساند. پاش حەوت ساڵ کارکردن وەکو قەشە و بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆر شوێنی فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا گەڕا. ساڵی 1773 لە ستراسبورگ گۆتەی ناسی، کە ئەودەم لاو بوو و لە نووسینی کتێبێک لە سەر هونەر و رەوشت و رەفتار و سروشتی ئەڵمانییەکان هاوکاریی لەگەڵ کرد. لە ئاکامی ئەو برادەرایەتییەدا هێردێر وەکو قەشەی دەرباری پاشای وایمار دامەزرا و هەتا کۆتایی ژیانیشی هەر لەوێ مایەوە



گـوتفرید



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای واڵا دوو مانگ جارێک دەریدەکات

هـێردێـر یەکێك لـە بلیمەتە داهێنەرەکانی سەردەمی خۆی بـوو، کە شوێنی دەسـتی لە زۆر بواری وەك فەلسەفە و مێژوو و تیۆلۆژی و زمانەوانیدا دیار بوو. سەرەتا رۆشنگەری بزوێنەر و سەرچاوەی بیرکردنەوەی هێردێر بوو، تا سەرهەڵگری بەشێك لە بنەماکانی بوو، بەڵام پاشان دەکرێ بڵێین بوو بە ناسراوترین و گرنگترین سیما لە سەرهەڵدانی بزافی دژە رۆشنگەری رۆمانتیك، کە بوو بە هۆی شۆرشگێرانە کردنەوەی ئەندێشەی ئەورووپی.

گرنگترین بەرهەمەکانی هـێردێـر بریتین لە" نامیلکەیەك لە سەر سەرچاوەی زمـان"(1772) و شاکارەکەی"ئایدیاگەلێ بۆ فەلسەفەی مێژووی مرۆڤایەتی" (1784–1791). سـەرەرای ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری لە سـەر کۆمەڵێك بـواری جۆراوجۆر دانا کەچی بەرهەمێکی گەورە و گرینگی سـەبـارەت بە تیۆری سیاسی نەنووسی، بـەڵام بۆچوونە سیاسییەکانی لە بەرهەمەکانی دیکەیدا بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو بەرچاو دەکەون. ئەڵبەت سروشتی ژیانی گشتی ئەڵمانییەکان لەو سەردەمەدا و پلە و پایەی ئەو لەدەرباردا وایان لێدەکرد نەتوانێ بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خـۆی بە راشکاوی دەربـبرێت بە شێوەیەك کەوا هەندێك لە بۆچوونە سیاسییە پەرگیرترەکانی تەنیا لە نامەکانیدا باسکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونە سیاسییەکانی زۆر گرنگ و شوێندانەر بـوون و، پێویستە بە پێچەوانەی پاشخانی فەلسەفە گشتییەکەییەوە لێکبدرێنەوە.

وەکو فەیلەسوفێك ئەو لە دژی ئەپستمۆلۆژیای رۆشنگەری وەستایەوە بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ دەرکی مرۆییدا. هێردێر جەختکردنەوە لەسەر بنەمای هۆکارو هۆکرد و حەقیقەتێکی گشتگیری کات هەڵنەگر و پێوەرە هەمەگیرەکان بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی رەفتار و هونەرەکان رەتدەکاتەوە. ئەو لە بەرامبەردا پێداگریی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شتە مرۆییەکان ناشێ لەسەر هەمان ئەو پێوەرو میتۆدانە شیبکرێنەوە کە بۆ شرۆڤە کردنی زانستە سروشتییەکان بەکاردەهێنرێن، بەڵکو پێویستە تەنیا لە رێگای تێگەیشتن لە روانگەی بەشداربووانی کارە مرۆییەکان و بە پێی ئەو کردەوە نەریتییانە و ئامانجی ئەو شێوە رەفتارانە شرۆڤە بکرێن کە کردەوەکانیان بەشێکی لێ پێکدێنن. بەدەربرینێکی دی تێگەیشتن لە"ناوە"وە نەك بە پێی جێبەجێ کردنی دەرەکی پەیوەندییە هۆکار و هۆکردییەکان. تێگەیشتن لە هزر و کردەوەی مرۆڤ تەنیا پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر زانست نییە، بەڵکو توێژینەوە لە مەر مێژوو و ئەدەب و هونەرەکان و بە تایبەت زمانیش لەخۆ دەگرێتەوە واتە، لێکۆڵینەوە لەسەر سەرجەم پانتایی فەرهەنگی و مێژوویی بە تەواوەتی. مانای ئەو قسانە ئەوەیە: تێگەیشتن لە رووداوە مێژووییەکان، تاکەکان، کۆمەڵەکان و فەرهەنگەکان وەکوو شتگەلێ بێ وێنە و بێ هاوتا و تایبەتی.

زمان
کۆڵەکەی ئەو
تێگەیشتنەیە.
زمان تایبەتمەندی
و بێ هاوتابوونی
فەرهەنگێك
بەرجەستە ئەکات
و شێوە ژیانێك،
واتە ئەزموونی
کۆیی نەتەوەیەك
بە تەواوەتی
دەردەخات

زمـان کـۆڵـەکـەی ئـەو تێگەیشتنەیە. زمـان تایبەتمەندی و بـێ هـاوتـابـوونـی فەرهەنگێك بەرجەستە ئەکات و شێوە ژیانێك، واتە ئەزموونی کۆیی نەتەوەیەك بە تەواوەتی دەردەخـات. زمان و ئەدەب نەتەوەکان و تاکەکان پێکدێنن. هێردێر تێگەیشتنێکی زۆر مۆدێرنی لە ئەندێشە هەیە کە زمانیش "لە خۆ دەگرێت" وەك لـەوەی تەنیا مەبەستی دەربرین بێت لە رێگای زمانەوە. سەرجەم کردەوەکانی مرۆڤ دەرکەوتە و دەربـڕی "خود"ن هەروەها دەربـڕی ئەو فەرهەنگە تایبەتەن وەکو گشتێتێکی لە حاڵی گەشەسەندندا کە دەرخەری

روانینێکی گشتییە بۆ ژیان.

بەردی بناغەی هزری سیاسیی هێردێر لەسەر بنەمای ئەو بانگەشەیە دامەزراوە کە نەتەوەی فەرهەنگی بنچینەی راستەقینەی کۆمەڵی سیاسی و ناسنامەی سیاسیە.

ئەوە دژ بە روانینی رۆشنگەرییە بۆ کۆمەڵی سیاسی وەکو دارشتەیەکی پێکهاتوو لە سەرجەم ئەوانەی وا لە ژێر رکێفی دەسەڵاتێکی گشتگیردان، کە لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەردی بناغەی ئەندێشەی رۆشنگەری بریتییە لە چەمکی دەوڵەت و لە خوێندنەوەی فەرنسییەکان بۆ ئایدیا ناسیۆناڵیستییەکانی دوای شۆڕشیش هەر وا مایەوە، بەڵام ئەوە بۆچوونی هێردێر نەبوو. ئەو رقی لە دەوڵەتی ناوەندگەرا بوو، کە لای ئەو بریتی بوو لە داسەپاندنی یەکجۆری و هاوشێوەیی و لە ناوبردنی جیاوازی خۆجێیەتی. ئەو هەر لەو کاتەدا نیگەرانییەکانی سەدەی بیستەمی لە بارەی مەترسییەکانی بیرۆکراسی بینیبوو و پێشبینیشی کردبوو کە خەڵك لە ماشێنی زل و زەبەلاحی دەولەتدا تەنیا دەبنە ددانی پێچکەکەی!

ئەو پێیوابوو کە چەمکی نەتەوەی فەرهەنگی جێگای چەمکە سەرەکییەکانی رۆشنگەری واتە پەیمانی کۆمەڵایەتی و سەروەری دەگرێتەوە. بە بۆچوونی ئەو، دەوڵەت بونیاد و دارشتەیەکی ساختەیە لە کاتێکدا نەتەوە بەرهەمی پەرەسەندنی سروشتییە. ئەوە روانینێکە بۆ کۆمەڵگە وەکو یەکێتییەکی ئۆرگانیك. بەڵام هێردێر لەوەش بەئاگا بوو، کە ئەو خوازە ئۆرگانیکە لە راستیدا تەنیا خوازەیەکە و بە هیچ شێوەیەك بە مانای بندەست بوون و گوێرایەڵی "بەش" بۆ "کۆ" یاخود کەم بایەختربوونی تاك لەچاو کۆمەڵ نییە.

خەونی هێردێر سەبارەت

»

بەردی بناغەی هزری سیاسیی هێردێر لەسەر بنەمای ئەو بانگەشەیە دامەزراوە کە نەتەوەی فەرهەنگی بنچینەی راستەقینەی کۆمەڵی سیاسی و ناسنامەی سیاسیە



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای واڵا دوو مانگ جارێك دەریدەکات

بە كۆمەڵگەیەكی نموونەیی بریتی بوو لە كۆمەڵگەیەك بەبێ حكومەتی ناوەندی. بە بڕوای ئەو كۆمەڵێكی سیاسی دەشێ لە دۆخێكی دوور لە زنجیرەی پلەیی و زۆرەملێ بە چاكی و كارامەیی هەڵسووڕێت؛ لە دۆخێك كە تێیدا دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی بە سەر هەندێك كۆمەڵی جیاواز، بەڵام پێكەوەگرێدراو و كۆمەڵێك بەرژەوەندی ناوچەیی و پارچە پارچەی نێوان نەتەوەیەكی بەرفراوانتر و گەورەتردا دابەش و بڵاوبكرێتەوە. ئەمە دەكرێ دوای ماوەیەكی گواستنەوە و پەرینەوە بێتەدی كە تێیدا خەڵك فێری ئەوە بكرێن كە لەگەڵ سیستمێكی وادا خۆیان بگونجێنن. هێردێر لایەنگرێكی بەهێزی ئازادی رادەربڕین بوو و لای وابوو كە ئازادی رادەربڕین بەردی بناغەی ئەو پرۆسە فێركاری و پەروەردەییە پێكدێنێت. ئەو بڕوای بە كۆمەڵگەیەكی یەكسانتر بوو، ئەلبەت نەك كۆمەڵگەیەكی تەواو یەكسان بۆ هەمووان. ئەو رژێمی پاشایەتی بۆماوە و رێبەرایەتی كۆمەڵایەتی ئەریستۆكراتی بە سیستمگەلێكی تەواو نەگونجاو و نالەبار لە قەڵەمدەدا. بە بڕوای ئەو هەموو كەسێك دەشێ و دەبێ لە كاروبارەكانی پەیوەندیدار بە خەڵك و وڵاتەوە بەشدار بن. لەو كۆمەڵگە ئانارشیستە- پلۆرالیستەدا توندوتیژی و زۆرەملێ چ جێگایەكی نییە و حكومەت لەسەر بنەمای شێوەیەك لە رێكەوتن دامەزراوە كە بەردەوام دانوستان و وتوویژی لەسەر دەكرێت.

لەكاتێكدا هێردێر جەختێكی ئێجگار زۆر لەسەر گرنگایەتی نەریت دەكاتەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی نەریتخوازەكان هیچ دژایەتییەك لەنێوان نەریت و پێشكەوتندا بەدی ناكا. ئایدیاكانی رۆشنگەری سەبارەت بە پێشكەوتن بە لای هێردێرەوە رووكەشی و كرچ و كاڵ بوون، لەكاتێكدا چەمكی پێشكەوتن خۆی لەخۆیدا وا نییە. كۆمەڵگەی مرۆیی پێشدەكەوێ و

گۆڕانی بەسەردا دێت، لەكاتێكدا كردەوە نەریتییەكان شێوەكانی ژیان شوێن ئامانجەكانی خۆیان دەكەون و تاكەكانیش چالاكانە ئەو بنەما و بنچینە و میتۆدانە پەیڕەو دەكەن كە بۆیان بەجێ ماوە. بە بڕوای ئەو هیچ پیلان و بەرنامەیەكی گشتگیر و هاوشێوە و جیهانگیر بۆ هەموو مرۆڤایەتی لە ئارادا نییە، بەڵكو بەردەوام لە توانای مرۆڤدا هەیە بە رێگای جۆراوجۆر هێز و تواناكانی خۆی دەرخات و پیلان بۆ ژیانی خۆی دابڕێژێت. ئەمە رێگایەكی نوێ بۆ روانین بۆ مێژووش لەخۆ دەگرێ، كەبریتییە لە روانینێكی گەشە تەوەر (وەكو گەشەكردن و كامڵبوونی زیندەوەرێك)، كە تێیدا هیچ كات باس لەسەر گەڕاندنەوەی شتەكان بۆ باری پێشووی خۆیان ناكرێت. هەم لە ناوخۆی فەرهەنگە نەتەوەییەكان و هەمیش لە نێوان فەرهەنگە نەتەوەییە جیاوازەكاندا ئەو گەشەكردن و كامڵبوونە بەخێرایی جیاواز و لە ئاقار و ئاراستەی جیاوازدا دێتە ئاراوە. ئامانج و نرخەكان هیچ هاوئاهەنگی و هارمۆنییەكی سروشتییان نییە. لەنێوان هەر كۆمەڵێكی نەتەوەییدا خۆی، بوونی رێكخستن و گونجانێكی هەتاهەتایی و بێ بڕانەوە بە مەبەستی دەستەبەركردنی پاراستنی یەكێتییەكی ئۆرگانیك پێویستە.


كلۆدیۆس

بەشە سەرەكییەكانی مێژوو و بەشكە سەرەكییەكانی مرۆڤایەتی هێردێر وەكو دوو فەرهەنگی نەتەوەیی سەیرییان دەكات، كە هەركامەیان مافی ئەوەیان هەیە بەشێوەی تایبەت بە خۆیان گەشە بكەن و پێشكەون. ئەو بە توندی دژ بە هەر جۆرە ئیمپریالیزم و رەگەزپەرستییەك بوو، هەر لەبەر ئەوەش دژ بە زاڵبوونی ئەورووپا بەسەر رەگەزە نائەورووپییەكاندا بوو، هەروەها دژایەتی



گۆڤارێكی فكرییە، دەزگای واڵا دوو مانگ جارێك دەریدەكات

ئیمپراتۆرییه فرەنەتەوەکانی ئەورووپای ناوەندی و رۆژهەڵاتی دەکرد و لای وابوو خوا هیچ نەتەوە و نەژادێکی لەوانی دیکە بە لاوە باشتر و پەسەندتر نییە.

هێردێر بەگشتی گرنگترین رۆشنبیری بناغە دانەری ناسیۆنالیزم بوو ، بەڵام ناسیۆنالیزمەکەی ئەو لەگەڵ ئەوەی شۆرشی فەرەنسا، یاخود ئەو ناسیۆنالیزمەی وا دواتر لە ئەڵمانیا سەریهەڵدا گەلێك جیاواز بوو. لە ناسیۆنالیزمی شۆرشگێرانەی فەرەنسادا ئەو شتانەی وا نەتەوە دروستدەكات بە راست و براوە دانراوە و لەرووی تیۆرییەوە تەنیا جەخت لەسەر دەوڵەت دەکرێتەوە، وەکو دەرکەوتە و نیشانەی تەنها خواستی خەڵکێکی یەککگرتوو و خاوەن سەروەری، بەڵام لە نەریتی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیدا کە دوای هێردێر هاتە ئاراوە، ناسیۆنالیزمە فەرهەنگیەکەی ئەو لەگەڵ شکۆ و مەزنی دەوڵەت– کە هەندێ جار دەگاتە ئاستی پەرستنی دەوڵەت– تێکەڵ کراوە و ئەمەش بێگومان شتێ زیاتر لە مەبەستی هێردێر نەبوو.

هیگڵ کە هێردێر کاریگەریەکی زۆری لەسەر داناوە، بێگومان دەوڵەتی وەکو شتێك کە لە رووی ئەخلاقییەوە بەسەر تاکدا زاڵە بە لاوە زۆر گرنگ بوو، دەوڵەتی پرووسی ئەو دەمی وەکو ئەو پەری پێشکەوتنی دەوڵەت سەیر ئەکرد. ناسیۆنالیستە ئەڵمانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە بێگانەترسی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیی گەیاندە تەشقی خۆی و پێداگرییان لە سەر بەرزتر بوونی فەرهەنگی ئەڵمانی دەکردەوە.

ئەوان بە خۆشحاڵییەوە تاکیان دەکردە قوربانی دەوڵەتەوە، هەروەها زۆر شۆڤێنیست و رەگەزپەرست بوون، بەڵام راستەوخۆترین کاریگەری هێردێر بەسەر کۆمەڵێك بیرمەندەوە دیار بوو، کە بە رۆمانتیکە ئەڵمانییەکان ناسراو بوون. رۆمانتیکە ئەڵمانییەکان وەك فردریش شلێگڵ ، نۆڤالیس و ئادام مۆلێر (کە زۆربەی جاران پەیوەندییان لەگەڵ هێردێر هەیە) هەر وەکو هێردێر جەختیان لەسەر فەرهەنگ و مێژوو و پێویستی پێکهێنانی هاوئاهەنگییەکی بێوێنە لەرووی سیاسییەوە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا دەکردەوە، بەڵام بۆچوونی ئەوان کە بەتەواوتی دژ بە بۆچوونی هێردێر بوو بۆچوونێکی کۆنە پەرستانە و چاو لە رابردوو بوو، کە ئایدیاڵەکەی فیۆداڵیزمی چاخەکانی ناوەراست بوو، بە دوای راسپاردنی رێبەرایەتی کۆمەڵگە بە ئەریستۆکراسییەکی نەریتیەوە بوون، هەڵبەت جۆرێك لە ئەریستۆکراسی کە لەلایەن زانایان و خوێندەوارانی وەك خۆیان پێشنیار دەکرا.

هێردێر وەکو بیرمەندێکی سیاسی هەندێك کەموکوریشی هەیە. ئەو تا رادەیەك لێڵ و ناتەواوە و شتەکان بە لایەکدا نابرێنێتەوە و پلۆرالیزمە ئانارشیەکەی زۆر قایلکەر نییە (ئەڵبەت لە چاو جۆرەکانی تری ئانارشیزمدا قایلکەرترە). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکێك لە بلیمەتە هەرە داهێنەر و کاریگەرەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو شێوەی تێگەیشتنی ئێمەی لە مێژوو و خۆمان تووشی گۆرانکارییەکی گەورە کرد و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزووتنەوە رۆشنبیرییە گرنگەکانی وەك رۆمانتیسیزم، ئایدیاڵیزمی ئەڵمانی و ناسیۆناڵیزم دانا، کە پێکهێنەری وشیاری مۆدێرن بوون. ئایدیا سەرەکییەکەی هێردێر، واتە ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی کاتێك لەگەڵ ئایدیای سەرەکی ناسیۆنالیزمی فەرەنسی واتە سەروەری خەڵك (کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییەوەدا خۆی دەردەخات) تێکەڵ بوو، جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی داهێنا کە بەشیکی زۆر لە دنیای سیاسەتی لە درێژایی دوو سەدەی رابردوودا پێکهێناوە.

**سەرچاوە:**

– وەرگێردراوی بەشێك لە کتێبی:

Fifty Major Political Thinkers,
Ian Adams and R.W Dyson,
Routledge, London, 2007.

# کارل پۆپەر
# فەیلەسوفی زانست



لەعەرەبییەوە: سەلاح سەعید ئەمین




گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێک دەریدەکات